# دەی مەرزیە، ئشەکە، چەپەکە، خڕی کە



مەرزیە لە کاتی سەما پێکردنیدا

فۆتۆ/ شەدە

رۆژانە دەیان دیاردەی سەرنج راکێش لەم کۆمەڵگایەدا دەبینین هەندێك دیاردە لەوە قوڵترو ترسناکترە کە تەنها بینینی ساتێك بۆ ساتێك ویژدانمان بجولێنێ و سۆزمانراکێشێت.

یەکێك لەو دیاردانەی کە زۆر ئازاردەرە بەکارهێنانی منداڵە بۆ سواڵکردنو دابرینی لە دنیایی منداڵیوتێکەڵبونی بەدونیایی مادە کەهەربۆخۆی لەگەڵ بونی مادەدا ململانێ زاڵە دەبێت بەسەرهەموو پەیوەندیە ئینسانیەکاندا.

مەرزیە منداڵێکی تەمەن ٣ساڵانە، لەبازاری دارەسوتاوەکە لەگەڵ دایکیدا سواڵ دەکات بەڵام پیاوانی ئەو گوزەرە وەك قەرەقۆزو هۆیەك بۆ خۆشڕابواردنی خۆیان بەکاری دەهێنن، لە تێپەرینم بەگوزەری دارەسوتاوەکەدا، ئەو منداڵە تەمەن ٣ساڵەی کە کۆمەڵێك پیاو لێ کۆبوبونەوەو چەپڵەیان لێدەداو دەیان وت دەی"مەرزیە چەپەکە ئشەکە" ئەویش سوڕی دەدا چومە پێشەوە وێنەیەکی بگرم لە جێگای خۆی وەستاو دانیشت.

ئەم منداڵە خوێن گەرمە بەجۆرێك سەرنجی راکێشام کە شوێن پێی هەڵسوکەوتەکانی هەڵگرم.

هەڵسوکەوتو جوڵەی ئەم منداڵە کۆی هەڵسوکەوتی گەورەو بچوکی ئەو گوزەرەیە، بەردەوام پێ دەکەنێت زمان دەردێنێ.

ئەوەندەم راکرد بەدوایدا هیلاك بووم، لەرۆشتنە ئاساییەکانیدا جۆرە پاشقولێکی دەگرت، دوای کەوتم چوە بەردەم کچێکی تەمەن ٨ساڵان کە لەبن عەمودێکدا سواڵی دەکرد تا بزانێت چەندی پەیدا کردوە.

ئەو هەر دەرۆشت و من لەتەنیشتیەوە، مەرزیە بوکت بۆ بکڕم، کەمێك وەستاو سەیرێکی کردم دیار بوو یاوەری نەدەکرد، بوکەکەم بۆ کڕیو وامزانی بەهەڵپەو هێندەی جوانی بوکە شوشەکە لە منداڵیماندا پەلاماری دەدا، بەڵام بەماتی وەریگرت، بۆی نەکرایەوە کە بوکەکەم دەرهێنا چاوی تێ بڕیو ئەو ماتیەی گرتی تابەجێمهێشت بەری نەدا.

## لەسەید سادق
## کەرنەڤاڵی مافەکان دەکرێتەوە

**ئا/ ئەنوەر حەمە غەریب**

رێکخراوی ئاسودە بەهاوکاری وەزارەتی وەرزشو لاوان، سبەینێ کەرنەڤاڵی مافەکان لەسەید سادق دەکاتەوە.

کەرنەڤاڵەکە بەشانۆگەری ماف دەستپێدەکات، لەبیرۆکەو دەرهێنانی هونەرمەند شوان عەتوفو کۆمەڵێك لەهونەرمەندان رۆڵەکانی بەرجەستە دەکەن، لەوانە سەروەر قەرەداغی ـ دێرین عومەر ـ ئاشنا رەئوف. وە لەکاتژمێر ٤ی ئێوارە لەهۆڵی وەلی دێوانە پێشکەش دەکرێت.

هاوکات لەو رۆژەو لەهەمان هۆڵدا پێشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەند عامر عوبێد دەکرێتەوە، مەبەست لەلێکدانی ئەم دوو بەرهەمە وەك ئاسۆ جەباری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە رونی کردەوە خستنەڕووی کۆمەڵێك چەمکی گرنگە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هونەری بگەیەنرێتە هاوڵاتی، لەوانە بنەماکانی مافی مرۆڤ.

هەروەها وتی "هەردوو بەرهەمەکە وەك ئیشکردن بەشێوازی کۆمیدیاو تراژیدیا هۆیەکی ترە بۆ پێشکەشکردنیان بۆ یەك مەبەستو لەیەك رۆژدا".

سەبا ئەحمەد:

## پێم دەڵێن "باش نیە مێینەیەک هێندە بێ پەردە قسە بکات"

**ئا/ کەلسوم حسێن**

چیرۆك نوسی لاو سەبریە ئەحمەد کە بە(سەبا) ناسراوە، ١٩٧٤ لە هەڵەبجەی شەهید لەدایکبوە. دەرچووی سێیەمی ناوەندییە لەمنداڵیەوە خولیای خوێندنەوەو نوسینە.

لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بەرهەمەکانی بلاودەکاتەوەو خاوەنی کتێبێکە بەناوی (کچەکانی حەوا)، تاکو ئێستا بەشداری چوار فیستیڤاڵی چیرۆکی لاوانی کردووەو لە سیانیاندا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

ئەو جۆرێك لە جەسارەتو یاخی بوون بە چیرۆکەکانیەوە دیارەو ئەمەش بۆ ئەوە دەگیرێتەوە کە راستگۆیانە لە واقعی خۆیو هاوڕەگەزەکانی دەدوێت، نوسەر سورە لەسەر ئەو شێوازە نوسینەی کە هەڵیبژاردووەو دەڵێت"هەرگیز سازش ناکەم لە نوسینەکانمدا لەدەرخستنی دیاردە دزێوەکاندا".



ئەو پێ ی وایە راستی رەها لای کەس نیە وەستەمکاری رەهاش بەتەنها نێرینە نیە بەڵکو زۆرجار ژنان بەویستی خۆیان خۆیان ئەخەنە نێو قەفەسێك بۆئەمەش راشکاوانە دەڵێت" بەوپەری سەربەستیەوە ئەنوسمو کەسێك نیە دەست بخاتە بریارەکانمەوە".

سەبا پی ی وایە گرفتەکانی مێینە یەك جۆرە، بۆیە لە نوسینەکانیدا بەسەرهاتەکان لەخودی خۆیدا ئەتوێنێتەوەو لەهەمان کاتدا، وای دائەرێژێتەوەکە کەسێك نەبێت خۆی لێ بێ بەری بکاتو بەخەمی خۆی نەزانێت. سەبا بەداخەوە باسی ئەوە دەکات کەبەدەر نیە لەلۆمەی هاورەگەزەکانی تەنانەت چیرۆکەکانی بە عەیبەو شەرمەزاری دادەنێن، پیاوانیش هەندێك جارلەبری دەستخۆشی تەنانەت لەناو رۆشنبیرانیش وەك دەڵێت" زۆرجار پێیان وتوم باش نیە مێینەیەك هێندە بێ پەردە قسە بکات".

هەیفا سەبری:

## "تابلۆ ساردەکان بە گەرمی نمایش دەکات"

**ئا/ نەجیبە**

هونەرمەندی شێوەکار هەیفا سەبری یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە،بە ناونیشانی تابلۆ ساردەکان بە گەرمی دەدوێن کە تایبەت بوو بەکاری سیرامیك، هەیفا چەندین پارچەی رەنگاوڕەنگو قەوارە جیاوازی نمایش کرد، تەوەری سەرەکی بابەتەکانیش سروشت بوو، هونەرمەند لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠ یەو مامۆستای پیشەسازییە، چەند ساڵێکە سەرقاڵی هونەری سیرامیکە، هەیفا بەخۆشحاڵییەوە بە (رێوان)ی راگەیاند "دوای ماندوبونێکی زۆرو بەپشت بەستن بەخۆم توانیم بۆ یەکەم جار هونەرەکەم بەجەماوەر بناسێنم".

پێشانگاکە لە ٢٠٠٦/٩/٢٠ لەهۆڵی میدیای شاری هەولێر کرایەوەو لەماوەی سێ رۆژدا کۆمەڵێك لەهونەردۆستان بەکارەکانی هونەرمەند ئاشنابوون.

## رۆژێک دەبێ ببم بەمرواری



ئەمە ناونیشانی ئەو ئێوارە کۆڕەیە کە بۆ ساڵیادی مەرگی شاعیر ژێلا حوسەینی رێکخرا.

ناوەندی ژێوار بەهاوکاری کەناڵی رۆژ تی ڤی ئێوارە کۆڕێکی بۆ شاعیری کۆچکردوو ژێلا حوسەینی لە ٢٠٠٦/٩/٢٨ کاتژمێر ٥ ی ئێوارە لەهۆڵی دیالۆگ لەبارەگای رێکخراوە دیموکراتیەکان بەڕێوەبرد.

کۆڕەکە گەشتێکی کورت بوو بەنێو ژیانو بەرهەمەکانی حوسەینیو هەندێك لەیادەوەرییەکانی وەك ناهیدەی خوشکی ئاماژەی پێدا کە حوسەینی هەست ناسك لەهەر جێگایەك دڵدارێکی شك ببردایە خۆی دەگەیاندێو هاوکاری دەکرد، هەر بۆیە زۆربەی بەرهەمە شیعریەکانیشی بەسەر دڵداریو بۆ دڵدارەکان هۆنیوەتەوە.

## نواڕێ

### مامۆستاکان کتێبە تازەکان بەسەر منالەکانیاندا دابەش دەکەن!

لەگەڵ دەست پێ کردنی خوێندنو سەرکەوتنم بۆقۆناغێکی نوێی خوێندنو دوای کرینی جلوبەرگی نوێی بەپەرۆشەوە خۆم ئامادە کردبوو بۆ خوێندنی ساڵی نوێی، رۆژێك پێش وەخت من خۆم تەواو ئامادە کردبوو بەدەم بیر کردنەوە خەوم لێ کەوت لەخۆشی سەرەتایی خوێندنو شاد بونەوە بە هاوڕێو مامۆستاکانم بەیانی زۆر زووبەخەبەرهاتم دەست بەجێ خۆمم گۆڕی و بەرەو خوێندنگاکەم کەوتمە رێ مامۆستا پێ ووتین بەیانی کتێب وەردەگرنو دەست بەخوێندن دەکەنو هەندێك رێنمایی تر....

لەرێگەی گەرانەوەم بۆماڵەوە، چومە دوکانێك بەرگم کری بۆ ئەوەی بەیانی کە کتێبەکانمی پێ برازێنمەوە.

کتێبم وەرگرت، بەڵام کام کتێبانە ئەو کتێبەی کەپێش وەخت خۆمم بۆ ئامادە کردبوو بەپەرۆشەوە، بیخەمە نێو دەستەکانمو بەرگی بۆ بکڕم و بیخوێنمەوە؟ نەخێر.

کتێب بەسەر خوێندکاراندا دابەش کرا، بەڵام هی زۆربەمان کۆنو دڕاو بوو تەنانەت هەندێك پەرەی پێوە نەمابوو بەڵام منداڵی مامۆستاکانمان هەموو کتێبی تازەو جوان، پێشانی ئێمەیان دەداو دڵیان خۆش بوو پێدەکەنین، بەمامۆستاکانمان وت بۆ ئێمە ئەم کتێبە کۆنانە وەرگرین؟ ئێمەش حەزمان لەکتێبی نوێیە؟ هاوارێکی کرد بەسەرما وتی "هەر ئەوەمان هەیە".

بۆیە کتێبە کۆنەکانم بەناچاری خستە نێو جانتا تازەکەمەوەو بەرەو ماڵەوە گەرامەوە، بەگەیشتنم بۆ ماڵەوە جانتاو کتێبەکانم فرێ دایە سەر زەوی، وتم دەبێت کتێبی تازەم بۆ بکڕن من لەم کتێبانەدا زەوقی خوێندنم نیە، دەشزانم ماڵەوەمان توانای کڕینی کتێبی تازەیان نیە، ئێستا هەر تەماشای ئەو بەرگانە دەکەم کە بۆ کتێبەکانم کریبووو دەڵێم ئەگەر دایکم مامۆستا بوایە منیش کتێبی تازەم وەردەگرت.

تێبینی/ ئەم روداوە لە خوێندنگایەکی سەرەتایی شاری هەولێر رویداوە.

**نەجیبە کەریم**